# ڕێبازی ئیمانداران و ڕێبازی تاوانباران

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئیبن قەیم ئەلجۆزیە

وەرگێڕان وپوخت کردنی: فەرمان عەزیز نەجار

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ سبيل المؤمنين وسبيل المجرمين ﴾

« باللغة الكردية »

ابن قيّم الجوزيّة

ترجمة: فرمان عزيز نجار

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ڕێبازی ئیمانداران و ڕێبازی تاوانباران

خوای گەورە دەفەرمووێ : ﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْأَيَٰتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ (الأنعام:٥٥)، واتە: بەهەمان شێوەش بە درێژی ئایەتەکانیان بۆ شی دەکەینەوە تاکو ڕێبازی تاوانبارانیان بۆ ڕوون بێتەوە .

خوای گەورە لە ئایەتێکی تر دەفەرمووێ : ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ ٱلْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِۦ جَهَنَّمَ وَسَآءَتْ مَصِيرًا﴾ (النساء:١١٥). واتە: هەر کەسێك دوژمنایەتی پێغەمبەر(ێ) بکات و لێی جیابێتەوە لە دوای ئەوەی ڕێگەی ڕاست و دروستی بۆ ڕوون بۆوە، ئینجا ڕێبازێك بگرێتە بەر کە جیابێت لە ڕێگە و ڕێبازی ئیمانداران ئەوە ڕووی وەردەچەرخێنین بۆ ئەو ڕێگەو بەرنامەی هەڵیبژاردووە و ڕووی تێکردووە .

خوای گەورە لە قورئاندا بە درێژی ڕێبازی ئیمانداران ڕوون کردۆتەوە، بە هەمان شێوە بە درێژیش ڕێبازی تاوانبارانی ڕوون کردۆتەوە چارەنوسی هەردوو لاشیانی ڕوون کردۆتەوە، کاروکردەوەی هەردوو لاشیانی ڕوون کردۆتەوە، دۆستانی ئیمانداران و دۆستانی تاوانبارانی ڕوون کردۆتەوە، هۆکاری سەرفرازی ئیمانداران و سەرگەردانی تاوانبارانیشی ڕوون کردۆتەوە، بەم شێوە خوای گەورە لە قورئاندا ئەو دوو ڕێبازەی بە جوانی ڕۆشن کردۆتەوە، تاکو بۆ خەڵکی ڕوشن بێتەوە وەکو ڕووناکی و تاریکی، ئەوانەی زانان بە خوا و قورئان و دینی خوا، بە درێژی ڕێبازی ئیمانداران و تاونباران

دەناسن، هەردوو ڕێبازەکەیان بۆ ڕۆشن بۆتەوە، هەر وەك ئەو کەسە بۆی ڕوون بۆتەوە کە ڕێگەیەك دەگرێتە بەر بۆ ئەو شوێنەی کە مەبەستیەتی .

جا ئەوانە چاکترین و زاناترین کەسن بۆ خەڵکی کە ئامۆژگاریان دەکەن و ڕێگای ڕاست بە خەڵکی نیشان دەدەن، هەر بەمەش بوو هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) چاکترین کەس بوون، لەهەموو ئەوانەی لە دوایان دێن تاکو ڕۆژی قیامەت، چونکە ئەوان لە ناو گومڕایی و کوفرو شیرك و سەرلێشێواویدا ژیابوون، بەدرێژی ئەمەیان ناسی بوو، جا پاشان پێغەمبەر (ﷺ) هاتوو دەری هێنان لە ناو سەرگەردانی و تاریکایی بۆ سەر ڕێگای ڕاست و هیدایەت، دەری هێنان لە تاریکایی بۆ رووناکی، لە شیرك بۆ یەکخواناسی، لە نەفامی بۆ زانین و زانیاری، لەسەرگەردانی بۆ سەرفرازی، لە ستەمکاری بۆ دادپەروەری، لەسەر لێشێواوی و کوێری بۆ هیدایەت و چاوساغی، چونکە ئەوان دەیانزانی کاتی خۆی چەندە سەر لێشێواو و گومڕا بوونە، کەچی ئێستا لە چ خۆشی و کامەرانیەك دانە .

کەوابوو: بە شتی خراپ پێچەوانەکەی پێ دەناسرێت کە چاکەیە، چونکە شت بە پێچەوانەکەی ڕۆشن دەبێتەوە و دەناسرێت. گەر وابوو زیاتر تامەزرۆ و خۆشەویستی ئەو شتەیان دەکەوێتە دڵ کە بۆی هاتوون، وە زیاتر لەوەی پێشتر هەڵدێن و ڕقیان لێدەبێتەوە، ئەوانە بە خواناسی و ئیمان و ئیسلامیان زۆر لەلا خۆشەویستە، زۆر ڕقیشیان لە پێچەوانەکەیەتی چونکە ئەوان زانان بەم ڕێبازە .

بەڵام ئەوانەی دوای هاوەڵان سەریان هەڵدا، هێندێکیان لە ناو ئیسلامدا گەورەبوون بۆیە خراپەیان بە چاکی نەدەناسی، هێندێ شتی ڕێبازی ئیماندارانیان لێ تێکەڵ بوو لەگەڵ ڕێبازی تاوانباران، چونکە مرۆڤ کاتێك شتی لێ تێکەڵ دەبێت ئەگەر بە چاکی هەردوو ڕێبازەکە نەناسێت یان یەکیان نەناسێت، هەر وەك (عمر)ی

کوڕی (الخطاب) دەفەرمووێ: کەسێك لە ناو ئیسلامدا گەورەبوبێت و سەرگەردانی و نەفامیش نەناسێت بێگومان ڕاستی ئیسلامەتیەکەی بەرە بەرە لێ کاڵدەبێتەوە .

بەڵێ: ئەمە نیشانەی پلە بەرزی زانستی (عمر)ە (ر) چونکە ئەگەر گومڕایی و نەفامی نەناسێت کە ئەو شتانە دەگرێتەوە پێچەوانەی پەیامی پێغەمبەرە ئەوکات چۆن دەتوانێت خۆی لێ بپارێزێت، جا هەرشتێك پێچەوانەی ئەو پەیامە بێت کە پێغەمبەر (ێ) هێناویەتی ئەوە پێی دەگوترێت نەفامی .

هەر کەسێك ڕێبازی تاوانباران نەناسێت و بۆی ڕۆشن نەبووبێتەوە، دوورنیە هێندێ شتی ڕێبازی تاوانباران بەهی ئیمانداران بزانێت، هەر وەك دەبینین زۆر شتی تاونباران و کافران و دووژمنانی پێغەمبەران لە بواری بیروباوەڕدا و زانست و کاروکردەوەدا تێکەلێ ئومەتی ئیسلام بووە، کە هێندێ کەسی نەفام و نەزان تێکەڵیان کردوە لەگەڵ ڕێبازی ئیمانداران کە وایان زانیوە ئەوانە پەیوستە بە ڕێبازی ئیماندارانەوە، هێندێ شتیان حەڵاڵ کردووە کە خواو پێغەمبەر (ێ) حەرامیان کردووە، هەروەك زۆربەی بیدعە چیەکان تووشی ئەمە بوونە کە بیدعەیەك دادێنن ئینجا بانگەوازیشی بۆ دەکەن کەسێکیش پێچەوانەی بکات کافری دەکەن .